


Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

کولتوور | بۆ چالاکیی نەدەبیی و فەرهەنگی
زنجیرەی کتێب٣٦

حیکمەتی گەوران

کوردییەکەی ژانا خەلیل

ئەفۆریزم
بەرگ: تیکۆشەر خالید
ناوەڕۆک: کولتوور
چاپ: یەکەم ٢٠٢٢
چاپخانە: تاران
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: ٦ی ٢٠٢٢ی پێدراوە

هەموو مافەکان و هەر جۆرە لەبەرگرتنەوەیەکی ئەم کتێبە بۆ کولتوور پارێزراو
سەرپێچیکار ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەکرێتەوە

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

ئەفۆریزم یا (Aphorisms) یا حیکمەت یا پەند: بیرۆکەیەکی سەربەخۆیە، لە رستەیەک یا چەند رستەیەکی کورتدا سەبارەت بە بابەتێک دەردەبڕدرێ و دەستپێکی مێژووی نووسراوی ئەفۆریزمیش دەگەڕێتەوە بۆ گریکییەکان و بە تایبەتیش بۆ (Heraklit) و سوکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتون و..تاد

ئەفۆریزم چڕکراوەی رەنج و کۆششی بیرە لە چەند وشەیەکی کەمدا، زۆرترینجار بە جوانبێژییێکی شیعری واتادار و چڕ دەردەبڕدرێ کە ئەزموونداریی نێرەری تیا دەردەکەوێ و کورتبێژیش مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی و جەوهەریی ئەو هونەرەیە.

ئەفۆریزم زۆرجار لەناو کۆمەڵگە و لە قسەی ئاسایی خەڵکی ئاسایش دروست دەبێ، بەڵام هەندێجار یا زۆرترینجار خاوەنەکەی دیار نابێ و ئەوە لەو حاڵەتەدا، دەبێتە مووڵکی نەتەوەکە و زۆر ئەفۆریزمیش هەیە سنووری نەتەوە و زمانەکان دەبڕێ دەبێتە مووڵکی مرۆڤایەتی بە گشتی و هەروەها لە ئێستادا ئەفۆریزم لە زۆر لە شیعر و رۆمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە تێکستە ئەدەبیانەکاندا دەریدێنن

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

و به ناوی خاوەن تێکستەکە لەنێو وەرگرەکاندا بڵاو دەبێتەوە و جۆرێک لە جۆرەکان هەم چێژ و هەم سوود و هەموو ئەزموون بە کەسی وەرگر دەگەیەنێ.. دوا بە دوای تەواوکردنی هەردوو بەرگی (ئەستێرەکانی زەمین) کە ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهانە، کە هەر خۆم شیعرەکانم هەڵبژاردووە و هەم خۆشم کردوومنەتە کوردی بە نیاز نەبووم ئیدی هیچ شتێکی دیکە بکەمە کوردی، بەڵام کاتێ سایتی (sgb8bg.net/ حکم نت)م کەوتە بەرچاو سەرم لە کارکردن لەناو سایتە سووڕما، لەو سایتەدا ئەفۆریزمی سەدان و سەدان فەیلەسوف و نووسەر و زانا و رۆشنبیر کۆکراونەتەوە کە لە هەزارن ئەفۆریزم تێپەڕ دەکا و بە شێوەیەکی زۆر جوان و ئەکادیمیانەش پۆلێن کراوە و هەر بۆیەش نەمتوانی بەرانبەر ئەو هەموو جوانییە دەستەوەستان بوەستم و کارێکی لەسەر نەکەم و هەر ئەو سایتەم کردە سەرچاوەی ئەو کتێبەی بەر دەستان و ئەوەی ئارەزووم کرد هەڵمبژاردن و تەرجەمەم کردن... بێگومان ئەم کارەی من بێ هەڵە نییە و هیوارادرم ئەوە دەستپێکێک بۆ وەرگێڕانی ئەفۆریزمی زیاتر و بەرهەمهێنانی کتێبی زۆرتر لەو بوارەدا.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library